داخستنی سێ دەرمانخانە لە بەحرکە بەهۆی مامەڵەکردن بە دەرمانی نایاسایی داخران

بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی دەرمان (KMCA) لە وەزارەتی تەندروستی رایگەیاند، لە ناحیەی بەحرکە، سێ دەرمانخانە بەهۆکاری سەرپێچیکردن و مامەڵەکردن بە دەرمانی نایاسایی داخران.

ئەمە دووشەممە ، بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جێری دەرمان (KMCA) لە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە میانەی راگەیەندراوێکدا ئاماژەی بۆکرد، لە درێژەی پشکنین و بەسەرکردنەوەکانی تیمی چاودێری بازاڕ لە بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جێری دەرمان (KMCA) بە هەماهەنگی لەگەڵ قائمقامییەتی قەزای هەولێر پشکنین بە ژمارەیەک لە دەرمانخانە ئەنجامدرا.

هەر بە گوێرەی راگەیەندراوەکە، لە ناحیەی بەحرکە لە ئەنجامی پشکنینەکە سێ دەرمانخانە بە هەکاری سەرپێچیکردن لە رێنماییەکان و مامەڵەکردن بە دەرمانی قاچاخ و بە سەرچاوە داخران و لەپێچینەوەی یاساییان لەگەڵ کرا.

باس لەوەشکرا، بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جێری دەرمان بەردەوام هەشداری دەدات بە سەرجەم ئەو شوێنانەی کە مامەڵە بە بەرهەمی دەرمانسازی و پزیشکییەوە دەکەن پابەندی گشت رێنماییەکانی بن و بە پێچوانەوە روبەڕووی سزای یاسایی توندیان دەکاتەوە